# ئەردۆغان لەبەردەم ساڵێکی چارەنوسسازدا

لە ساڵیادی تۆمەتبارکردنی ئەردۆغان و حکومەتەکەی بە گەندەڵی و دزە پێکردنی چەندین زانیاری نهێنی سەبارەت بە بانکی هاڵک، کە پارەی نەوتی فرۆشراوی هەرێمی تیادا دادەنراو رۆڵی گەورەی لەسەر مەسەلەی گەمارۆی سەر ئێران هەبوو، لە رێکەوتی ١٤ ی دیسەمبەری ٢٠١٤ حکومەتی تورکیا لە رێگای بڕیاری دادوەرەوە لە ئۆپراسیۆنێکی فراوان و لە چەند شارێکی تورکیادا زیاتر لە ٣٠ رۆژنامەنوس و چالاکوان و کەسانی دیکەیان بە ناوی تەحشیەچی دەستگیر کرد، کە گوایە جەماعەتی فەتحولآ گولەنن و هەوڵی کودەتا دەدەن.

سەرنوسەری رۆژنامەی زەمان یەکێک بوو لەو دەستگیرکراوانەو دوای چەند رۆژێک بە کەفالەت ئازاد کرا.هەر لەو بارەیەشەوە لە سەر داوای داواکاری گشتی دادوەری ئەستەمبوڵ بڕیاری دەستگیرکردنی فەتحولآ گولەنی دەرکرد، کە بە لێپرسراوی دەوڵەتی هاوتەریب لە ناو تورکیادا تۆمەتبار دەکرێت و ئێستا لە پنسیلڤانیا دەژیت.

دوای هەڵبژاردنی بەسەرکۆمارو گرتنە دەستی تەواوی جومگە سەرەکیەکانی دەوڵەت و دوای بنیاتنانی کۆشکێکی سوڵتانی، سوڵتانی بە رواڵەت خەریکی تەسفیەکردنی تەواوی دۆستانی دوێنێ و دوژمنانی ئەمڕۆیەتی، ئەوانیش جەماعەتن، کە ئەگەر ئەوان

وپشتیوانانیان نەبوونایە، ئەردۆغان بەو خێراییە خۆی لەسەر پێ نەدەگرت.

ئەردۆغان ماوەیەکە لە جاران زیاتر هاوسەنگی لە وشەو کرداردا تێکچوە، لە ناوخۆدا بەدەر لە ئەرکی سەرکۆمار ، وەکو سەرۆک وەزیر سیاسەت دەکات، لە دەرەوەیشدا تا ئاستی هەڕەشەلێکردن زۆر بە توندی و بێ منەتانە بەربەرچی رەخنەکانی یەکێتی ئەوروپا دەداتەوە، کە دەیان ساڵە هەوڵی بە ئەندامبوونی دەدات.

لە مەسەلەی بەناو پرۆسەی چارەسەریی کێشەی کوردیشدا، دوای زیاتر لە دووساڵ و لێدوانی زارەکی ئومێد بەخشی رۆژانەی لێپرسراوانی تورکیاو ئۆجالان و سەرەڕای گوشاری ناوخۆو دەرەوە تا ئێستا لە روی یاساییەوە هیچ هەنگاوێکی بەرجەستە نەنراوە.لە لێدوانەکانیدا ئەردۆغان لەمەسەلەی ئاشتی لە گەلأ کورددا بێ منەتەو تا ئێستا پەکەکە بە رەسمی بە تیرۆر ناودەبات .

لە مەسەلەی جەنگی دژە داعشدا تورکیا سەرەڕای ئەوەی ئەندامی هاوپەیمانێتی ناتۆیە، بەلآم تا ئێستا هاوکاریان نیە لەو جەنگەداو بە پێچەوانەوە راپۆرتە رۆژنامەوانیەکان ئاماژە بە هاوکاریکردنی داعش دەکەن لە لایەن تورکیاوە لە باتی یارمەتی دانی هاوپەیمانانی.

لە ناوخۆی تورکیایشدا بە پێی دوا ئاماری دەزگای ئاماری تورکیا رێژەی بێکاری لە ساڵی ٢٠١٤ لە تورکیادا گەیشتۆتە ١٠% و لەو بارەیەوە سەرۆکی بەشی ئابووری لە زانکۆی تۆرگووت ئۆزال ئاماژەی بەوەداوە، کە رێژەی بێکاری لە ساڵی ٢٠١٤ دا بەرزترین رێژەی بێکارییە تا ئێستا لە تورکیادا لە دوای قەیرانی ئابووری ٢٠٠١ و ١٩٩٤ ، سەرەڕای ئەمەیش نەخراوەتە ناو بەرنامەی کاری حکومەتەوە.

هەروەها بە پێی راپۆرتێکی یۆرۆبارۆمەتر کە سەر بە یەکێتی ئەوروپایە و کاری ئەنجامدانی راپرسی و کۆکردنەوەی داتاو و زانیارییە لە نێو هاوولاّتیانی ولاّتانی نێو یەکێتی ئەوروپا کە لە سایتی روداودا بلاّوکراوەتەوە: ( ٣١% خەڵکی تورکیا پێیان وایە لە ساڵی داهاتودا ژیان لە تورکیا خراپتر دەبێت، ٢١% یش لەو بڕوایەدان باری ژیانیان باشتر دەبێت. بە پێی راپۆرتەکەی یۆرۆبارۆمەتر سەرەکیترین کێشە کە تورکیا رووبەروی دەبێتەوە مەترسی تیرۆرە کە رێژەکەی سەدا ٤٥ ، بێکاری سەدا ٤٠ ، رەوشی ئابووری سەدا ١٧، لە کاتێکدا کێشە کەسیەکان لە روی بێکاری سەدا ٣٢ و هەلآوسانی ئابوری سەدا ٢٣ و تیرۆر ٢٣ لە سەدایە ... بە پێی راپۆرتەکە، پارتە سیاسیەکان، سیستمی دادوەری و حکومەت ، سییانەی متمانەپێ نەکراوترین پێکهاتەی فەرمی دەوڵەتی تورکیا لە روانگەی خەڵکەوە پێکدەهێنن، کە پارتە سیاسیەکان سەدا ٧١، و لە چاو راپۆرتی پێشووتری یۆرۆبارۆمەتر سەدا ٦ بێ متمانەیی زیادیکردوە، متمانە نەبوون بە سیستمی دادوەری سەدا ٤٩ یەو  سەدا ٦ زیادیکردوە، هەروەها متمانە نەبوون بە حکومەت سەدا ٤٨ و، سەدا ٤ زیادیکردوە).

سەرجەم ئەوانە دەرهاوێشتەی سیاسەتی چەند ساڵی رابردووی جکومەتەکانی پارتی دادو گەشەپێدانن، کە لە ناوخۆدا بێ متمانەیی و دیارنەبوونی چارەنووسی پێشخستوەو تا ئاستێکی بەرز هەستکردن بە دڵەراوکێی لای هاوولاّتیان  زیادکردوە.

لە هەنگاوەکانی ئێستای پارتی فەرمانڕەوا ئەوە دەخوێندرێتەوە کە سیستمی ئێستای تورکیا بەرەو تاکڕەوییەکی توند دەڕواو خەریکە زۆربەی دەسەلاّتەکان دەکەوێتە دەستی سەرکۆمار، ئەمەیش رێگا خۆشدەکات بۆ گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی بۆ

سیستمی سەرۆکایەتی، بە تایبەت ئەگەر پارتی دادو گەشەپێدان لە هەڵبژاردنەکەی حوزەیرانی ٢٠١٥ سەرکەوتن بە دەست بێنێت.

بە هەرحاڵ بە لەبەرچاوگرتنی رەوشی ناوخۆو دەرەوەی تورکیا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ و سیاسەتی ناهاوسەنگ و ناواقیعیانەی دوانەی ئەردۆغان _ داود ئۆغڵو، چاوەڕواندەکرێت لە ساڵی داهاتوودا کێشە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی تورکیا زیاتر بکات و ململانێکانیش توندتر بن.

سەرنوسەر